# ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- بەشێوەیەک وەستا کەعبە لە لای چەپی ومینا لە لای ڕاستیەوە بوو، پاشان ووتی: ئەمە شێوازی وەستانی ئەو کەسەیە کە سورەتی -البقرة-ی بۆ سەر دابەزیووە -صلى الله عليه وسلم

لە عبدالرحمانی کوڕی یەزیدی نەخەعیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لەگەڵ ئیبن مەسعوددا حەجی کرد، بینی لە (جەمرەتی عەقەبە:جمرة العقبة -الكبرى-) حەوت بەردی وەشاند، بەشێوەیەک وەستا کەعبە لە لای چەپی ومینا لە لای ڕاستیەوە بوو، پاشان ووتی: «ئەمە شێوازی وەستانی ئەو کەسەیە کە سورەتی -البقرة-ی بۆ سەر دابەزیووە -صلى الله عليه وسلم-».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

بەرد هاویشتن لە (جەمرەتی عەقەبە: جمرة الكبرى -جمرة العقبة-) لە ڕۆژی قوربانیکردن وڕۆژانی (التشريق) [10 و 11 و 12 و 13 ]ی ذي الحجة لە پەرستنە مەزنەکانە لە وەرزی حەجکردندا، چونکە واتای ملکەچ بوون بۆ فەرمانی خودای تێدایە، وشوێنکەوتنی پێغەمبەر ئیبراهیمە -عليه السلام-، یەکەم شت کە حاجیان دەستی پێدەکەن لە ڕۆژی قوربانیدا بریتیە لە هاویشتنی بەردەکان لە (جەمرەتی عەقەبە: جمرة الكبرى -جمرة العقبة-) ئەمیش بۆ ئەوەیە ببێتە سەرەتای دەستپێکردنی کردەوە مەزنەکان لەو ڕۆژەدا، لەو شوێنە دەوەستن کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لێی وەستا بوو بەشێوەیەک کەعبەی پیرۆز لە لای چەپیان ومینا لە لای ڕاستیان دەبێت، وبەرامبەی (جەمرەتی عەقەبە) دەوەستێت وحەوت بەرد دەهاوێژێت لەگەڵ هەموو هاویشتنێکدا تەکبیر دەکات (دەڵێت: الله أكبر)؛ هەروەکو لەم گێڕانەوەیەدا هاتووە کە ئیبن مەسعودیش -ڕەزای خوای لێبێت- بەم شێوەیە وەستاوە ودەڵێت: ئەمە شوێنی وەستانی ئەو کەسە بوو کە سورەتی -البقرة-ی بۆ سەر دابەزی -صلى الله عليه وسلم-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4448

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee